کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 23:35 31-10-2007

## مەوقیف لەپایدا ماوە تالەسیا سەتدا بمێنی؟ ... هەردی شەفیق

ئەوەی بەرپرسە لەم وڵاتەدا سەرمایەدارێکی عەیارە بیست وچوارە، ئاخر چۆن نابێتە سەرمایە دار



خۆی بۆخۆی موچەی فەرمانبەرێك و پەرلەمانتارێك پێکەوە دیاری ئەکات، کەجیاوازیان ئاسمان و ڕێسمانە. ئاخر هەرچی دەبینی لەخواردنی سامانی خەڵك و حوکومەتدا دیبلۆمی هێناوە دەگمەن کەسێکت دەست ئەکەوێت بەرپرسبێت و سەرمایەدارنەبێت و ویژدانی تیامابێت. هەرچی کۆمپانیای زەبەلاحیشە بەرپرسێکی لەپشتەوەیە کەسێکیش نیە بڵی پشتی چاوت برۆی پێوەیە و زۆری کارو بارەکانیشی لەدابین کردنی کەرەسەو لەدابینکردنی پارەوە لەسەرشانی خەڵکە. سەیرکە ئەوەشی ناتوانێت و ویژدانی ڕێگەی پێنادات پارەی گیرفانی و حوکومەت بەیەك چاو سەیربکات تائەمرێت پەیژەی هات و چۆی سەرەو خوارە. هەیە تادەمرێت بەخۆی نازانێت پەیژەیە و هەشە کاتێك بەخۆی ئەزانێت تازە ناچارەو هەشە یەك پولی قەڵبی پیانراوە و وناوی زرێنراوە ئەو کاتە ئەزانێت پەیژە بووە نەك خەباتکار و خزمەتکار.

جاران ئەیان وت سیاسەت یاری دووگۆڵیە دەم وت ئەی بۆچ حەکەم ولایەمەنی تیانیە؟بەلام ئێستا تێدەگەم ئەگەر حەکەم و لایەمەنی تێدا بوایە عیبادەت دەبوو نەك سیاسەت. جاران دەیان وت لەسیاسەتدا مەوقیف نیە بەرژەوەندی هەیەباوەڕم نەدەکرد بەلام ئێستا دەزانم ئەگەرمەوقیف هەبووایە تاکە نەفەرێکی پەشیمانت نەدەبینی لەکوردایەتی. چەرچڵ دەڵی:لەسیاسەتدا دۆستایەتی هەمیشەیی نیە بەرژەوەندی هەمیشەیی هەیە کەوابوو سیاسەت جێگای دۆستایەتی و هەڵوێست نیە جێگای بەرژەوەندیە تاکوی بەرژەوەندی بردەکات دۆستایەتیش تائەوی دەڕوات. ئەمە نەك ڕێ ی تێدەچێت بۆ حوکومەت لەهەندی ڕۆژگاردا پێویست بێت (ئەگەرچی بەدیوێکی تریشدا حکومەت بەشێکە لەتاکەکان) زەروریشە. هەربۆیە هەرچیەك دەبینی حکومەتی کردوە بەوەسیلەی کۆکردنەوەی سامان و هەرچیەکیش ئەبینی سەری زمان وبنی زمانی باسی بنبڕکردنی گەندەڵیە دادگا کانیش خەو بەدادگایکردنی تاکە کەسێکی گەندەڵەوە ئەبینن و نەیان بینیوە. پێویستە هەرکەسێك باسی بنبڕکردنی گەندەڵی ئەکات بۆ ئەوەی ببێتە جێگای متمانە لەخۆیەوە دەست پێبکات بەلام ئەمە کەی ڕو ئەدات وەڵامەکەی لای بەرپرسانە.

ئەو کاتەی پارە دێتە نێو مەیدانی سیاسەتەوە ئیدی مەوقیف بەپێچەوانەی بەرپرسەکانەوە ناچار دەبێت کورسیەکەی بۆ چۆڵ بکات و ئەمە حاڵی ئەمڕۆی زۆربەی دام و دەزگاکانی حیزب و حوکومەتە و پەلی هاویشتوە بۆناو چینەکانی تری کۆ مەڵیش. کاتێك کەپارەدێت ویژدان، نیشتمان پەروەری و... هتدکورسیەکەی خۆی بۆ چۆڵ دەکات و ئیدی جەنابی پارەش یاخوا بەقاچاخ نەچێتە گیرفانی کەسەوە بەو دەردەی ئەبات کەئێستا ئەم میللەتەی ئێمە گیرۆدەی بووە. ئیدی کەپارەش هات لای هەموومان ئاشکرایە تاکی کورد یا ژن دێنی یا مرۆڤ ئەکوژی ئاشکراشە کوشتن جۆری زۆرە هەرلە عەزابی دەرونی وبرسێتی کردن و بێبەشکردنی خەڵك لەجوانیەکانی ژیان و بەکۆیلەکردنی خەڵك کە هۆکاری جۆرەها فەسادی ئابووری و کۆمەلایەتی و ئەخلاقین بەشێکە لەکوشتن. بەداخەوە شەهامەتی هەرچیەك دەبینی لەسەر بڵند گۆکان ئەگەر ڕووکەی تری بخوێنیتەوە جگەلە چاوچنۆکێك بۆ ژن و سامان و خەمی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 23:35 31-10-2007

ورگی خۆی باکی بەکەسی ترنیە هەر لەگران کردنەوە بیگرە تا خواردەمەنی خراپی بایەعی و خراپی خزمەتگوزاری ڕێگاو بان و ئاو وئاوەڕۆ و... ÷هتد یدا بەشێکی تاوانەکەی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەدا کەشەریکە تیایداو نرخی بازاڕیش وەك قورمیشی کاتژمێرەکەی ئەسوڕێنی و بێباکە لەئازاری خەڵك ویاسا بۆخۆی دەکات بەداردەست وپی لار دانانی هەرکەسێکیش لەکەس قبوڵ ناکات.

وەك سارتەئەڵێت لەزەمەنی نامەعقولدا هەموشتێك مەعقولە لەم زەمەنەشدا خەریکە ئەوەی تۆزێك ویژدانی هەیە سی بەسی تەڵاق ئەدرێت و تەنها بێویژدانەکان و ئەمسالەکانیان ئەتوانن ڕاحەت لەم وڵاتەدا خزمەت بکەن!و نمونەکانیش ڕۆژانە دەبینین وەك بردەرێك وتی: بۆ مەوقیف لەپاێدا ماوە تالای من مابێت؟؟

لەم مەملەکەتی بێمەو قیفیەدا ویژدانت تەڵاق نەدەیت ناژیت ئەمەکوشندە ترین دەردە کەپێوەی ئەناڵێنن و گەورەترین کارەساتیشە ئەگەریاسایەك نەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەوا حەقە لەئیستەوە فاتیحایەك بۆ پێگرتنی حوکومەتە ساواکەمان بخوێنین.

Jgarsoz8181@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.